پارێزگاری هەولێر:

# لە بودجەی پەرەپێدان و وەبەرهێنان ئەمساڵ 100 ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی کۆیە تەرخان کراوە

**خەبات / کارزان حەیدەر:** لە بودجەی پەرەپێدان و وەبەرهێنان 100 ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی ئەمساڵی سنووری قەزای کۆیە و ناحیەکانی تەرخان کراوە، بەشێک لەو پرۆژانە ئێستا دەستیان پێکراوە و چەندی دیکەش لەئایندەدا جێبەجێ دەکرێن، بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو پرۆژانە و هاوکاری و ئاسانکاریکردن لە کار و پرۆژەکانی دەڤەرەکە، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر سەردانی قەزای کۆیەی کرد، وێڕای بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانن پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا ئەو پرۆژانەی تەواو بوونە و پێویستیان بە قیرتاوکردن هەیە بخرێنە نێو بەرنامەکانی قیرتاوکردنی هەولێر و دەوروبەری.

لەبارەی سەردانەکەشیاندا بۆ قەزای کۆیە، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ خەبات رایگەیاند: مەبەست لەو سەردانە بەسەرکردنەوەی ئەو کار و پرۆژانەی کەلەسەر بودجەی پەرەپێدان و وەبەرهێنان لەقەزای کۆیە جێبەجێ دەکرێن و دەستیان پێکراوە هاوکات بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە قۆناغی تەندەر دان لەگەڵ گرفتە ئیدارییەکان و ئەو کێشە و گرفتانەی سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە رووبەڕووی دەبێتەوە لە رووی رێکخستنەوەی ناو شارەکە، یەک لەو کێشانەش گواستنەوەی نزیکەی 200 حەساری ئاژەڵانە کە کەوتۆتە سەر رێگای کۆیە – سلێمانی، هاوکات جێنشین کردنیانن لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری و کارئاسانی کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە دایڕشتووە بۆ رێکخستنەوەی ناو شارەکە، لەگەڵ گرفتی ئەو پرۆژانەی رووبەڕوویان بۆتەوە لە جێبەجێکردندا.

وەک پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: تەواوی ئەو پرۆژانەی ئەمساڵ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و بودجەی وەبەرهێنان لە سنووری قەزای کۆیە و ناحیەکانی جێبەجێ دەکرێن، بایی 100 ملیار دینارە، هەماهەنگی و تەنسیقکردن لە نێوان فەرمانگەکان و قایمقامیەتی کۆیە لەگەڵ پارێزگای هەولێر لە پێناو جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، ئامانجێکی دیکەی ئەو سەردانە بوو بۆ شاری کۆیە، وەک نەوزاد هادی دەڵێ: بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە لە سنووری قەزای کۆیە و ناحیەکانی دەڤەرەکە گەشانەوە و بوژانەوەی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێ.



# وەزیری کارەبا: هەوڵ دەدەین کێشە و گرفتەکانی کارەبا لە هەڵەبجە چارەسەر بکەین

یاسین شێخ ئەبوبەکر ماوەتی وەزیری کارەبا پێشوازی لە گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجەی شەهید و شاندێکی یاوەری کرد لە دیدارێکدا کە هەریەک لە بەڕێوەبەرانی کارەبای شارەزوور و بەڕێوەبەری شارەوانی و ئاو و کشتوکاڵی هەڵەبجەی شەهید ئامادەی بوون، لەو دیدارەدا وەزیری کارەبا وێڕای گوێگرتن لە پێشنیاز و داواکارییەکانی تایبەت بە زیاتر پێشخستن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا، وەزیری کارەبا رایگەیاند: بەرنامە و کارەکانی وەزارەتی کارەبا لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا داڕێژراوە، لەم پێناوەشدا بە پێی توانا و بوددجەی تەرخانکراو درێخی لە خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەڵەبجە ناکەین کار بۆ ئەوەش دەکەین تەواوی گرفت و کەمو کورتییەکانی کارەبا لەسەرجەم ناوچە و دەڤەرەکانی کوردستان بێ جیاوازی و بە شێوەیەکی دادوەرانە چارەسەر بکەین، بەتایبەتی لە ناوچەی هەڵەبجە.

لەو دیدارەدا کە هەریەک لە بەڕێزان راوێژکاری وەزیر و بەڕێوەبەرانی گشتی دابەشکردن و کۆنترۆڵ و پلاندانانی وەزارەتی کارەبا ئامادەبیوون قایمقامی هەڵەبجە دەستخۆشی لە پرۆژە و کارەکانی وەزارەتی کارەبا کرد کە لە پێناو باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و چارەسەرکردنی خێرای کەمو کورتییەکانی کارەبا لە تەواوی ناوچەکە ئەنجام دراوەن ئومێدیان خواست لە داهاتوویەکی نزیکدا کار لەسەر داواکاری و پێشنیارەکانی تایبەت بە بواری کارەبا بکرێت.

# پەیمانگای دادوەری لە کوردستان دەستی بەکارکرد

لە پێناو کاراکردن و دەستبەکاربوونی پەیمانگای دادەری کوردستان کە ماوەیەکە یاساکەی دەرچووە، رەئووف رەشید وەزیری داد لە بڕیارێکدا بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دادی دەست نیشانکرد وەک بەڕێوەبەری کارگێڕی پەیمانگە، هەروەها بە شێوەیەکی کاتی بارەگای پەیمانگەی دادوەری لەناو باڵەخانەی وەزارەتی داد دیاری کرد بۆ ئەنجامدانی کار و ئەرک و کاری کارگێڕی و پاشان بڕیاریدا دەست بەکار کردن بکرێت لە پرۆژەی بینای پەیمانگەی دادوەری لەسەر ئەو پارچە زەوییەی کە بۆی دەستنیشان کراوە.

هەر دوێنێ لە دیوانی وەزارەتی داد بە سەرۆکایەتی وەزیری داد و بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەزگای داواکاری گشتی و سەرۆکی سەرپەرشتیاری دادی و ژمارەیەک لە ئەندامانی داواکاری گشتی سلێمانی کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا، تێیدا رۆشنایی خرایە سەر کار و چالاکییەکانی دەزگای داواکاری گشتی لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کێشە و کێیسە پەیوەستدارەکان بە مافی گشتی و سەروەت و سامانی وڵات، لە ئامارێکدا دەزگای داواکاری گشتی سلێمانی کار و ئەنجامی بە دواداچوونی کێشە یاساییەکان خستە روو، لەم بارەیەوە چالاکییەکانی دەزگای داواکاری گشتی سلێمانی بە ئەرێنی هەڵسەنگێنرا و هاندران کە لە چوارچێوەی ئەرکی یاسایی خۆیان بەردەوام بن بۆ چاودێریکردنی بەزاندنی یاسا، هەروەها داوا لە ئەندامانی داواکاری گشتی کرا کە پێش یەکلابوونەوەی هەر کێشەیەکی یاسایی نابێ هیچ چاوپێکەوتن و لێدوانێک بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بدەن، چونکە کار لە ئیجرائاتی لێکۆڵینەوە دەکات و بۆ ئەنجامدانی هەر لێدوانێک بۆ دەزگاکانی راگەیاندن پێویستە پێشینە رەزامەندی نووسینگەی وەزیری داد وەربگیرێ.

# کەلار.. لەناوبردن و سووتاندنی دەیان کارتۆن و تەقەمەنی و یاری ئاگرینی منداڵان

**خەبات / بڕیار محەمەد:** بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کەلار رایگەیاند: هەفتەیەک پێش مانگی پیرۆزی رەمەزان تا ئێستا لە ناو شارۆچکەی کەلار دا دەستیان گرتووە بەسەر دەیان کارتۆن و فەردە یاری ئاگرینی منداڵان، نەقیب شۆڕش عەلی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کەلار بە خەباتی راگەیاند: هەردوو بنکەی پۆلیسی کلار هەوڵی ئەوە داین ئاسایش و ئارامی لەشارەکەماندا بەرقەرار بێت و بۆ ئەوەی رۆژانی جەژن شارەکەمان ئارام بێت.

دەستمان کرد بە هەڵمەتی لەناوبردنی یاری ئاگرینی منداڵان. وتیشی: هەفتەیەک بەر لە مانگی پیرۆزی رەمەزانەوە دەستان کرد بە هەڵمەتەکە تا ئێستا توانیمان دەست بگرین بەسەر کۆمەڵێک یاری ئاگرینی منداڵان.

# یەکێتی قوتابیانی کوردستان دیاری تایبەت بەسەر قوتابییە یەکەمەکانی سنووری شارۆچکەی مەخموور دابەش دەکات

بە مەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بە توێژی قوتابیان لە سنوور قەزای مەخموور، دوێنێ لە بارەگای لقی 23ی پارتی بە ئامادەبوونی عرفان عەزیز عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت و بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور و کەس و کاری قوتابییە یەکەمەکان، مەراسیمی دابەشکردنی خەڵات بەسەر قوتابییە یەکەمەکان دەستی پێکرد، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە مەراسیمەکەدا وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا دەستخۆشی لەو قوتابییانە کرد و هیوای خواست هەردەم لە پێشڕەوی سەرکەوتن دابن بۆ خزمەت گەیاندن بەنیشتمان و بەسەرەڕمی وەسف کردنن. پاشان مامۆستا شۆڕش بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور وتارێکی پێشکەش کرد و سوپاس و دەستخۆشی لە قوتابیان و کەس و کارییان کرد و ئەم هەوڵەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیشی بە گرنگ وەسفکرد بۆ هاندانی زیاتری قوتابیان و بەرەو پێشڤەچوونیان، شایەنی باسە قوتابیانی خەڵاتکراو نزیکەی (250) قوتابی بوون و لەلایەن هەریەک لە هەڤاڵ سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور دیارییەکەیان پێ بەخشرا.

لەلایەکی ترەوە لەسەر ئاستی سەرجەم لقەکانی خۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئەم خەڵاتە تایبەتییە پێشکەش بە قوتابییە یەکەمەکان دەکات.

# بریکاری وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان بار و گوزەرانی پێشمەرگە تاوتوێ دەکەن

دوێنێ لەبارەگای وەزارەتی پێشمەرگە، ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لیوا جەمال محەمەد سەرۆکی ئەرکان و لیوا ئەحمەد ساڵح بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی وەزارەت ئامادەی بوون. باس لە بار و گوزەران و موچەی پێشمەرگە کراو هەمووان بەوە دڵخۆشبوون کە لەم بارەیەوە وەزارەتی پێشمەرگە پێشوەچوونی بە خۆیەوە دیوە و موچەی پێشمەرگە گۆڕانی بەسەر داهاتووە.

پاشان بریکاری وەزیری پێشمەرگە بە درێژی باسی لەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوە کرد کە لە سیستەمی موچەی پێشمەرگەدا کراوە و روونیکردەوە کە تا ئێستاش وەزارەتی پێشمەرگە میزانیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت و بە هیچ شێوەیەک لە میزانیەی وەزارەتی بەرگری ئێراقی سوودمەند نەبووە. لە تەوەرێکی دیکەدا بیرورا لەمەڕ یاسای خانەنشین و پەککەوتەی پێشمەرگە ئاڵوگۆڕ کراو هەردوو لا تەئکیدیان کردەوە کە پێویستە ئەو برگە یاساییانەی کە پێویستیان بە هەموارکردن هەیە بە زوویی کاریان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەو یاسایانە بکەونە واری جێبەجێ کردنەوە.

# منداڵێکی 7 ساڵان لەکفری بەکلاشینکۆف خۆی دەکوژێت!!

**خەبات – بڕیارمحەمەد:** دوێنێ لەشارەدێی جەبارەی سەر بەشارۆچکەی کفری منداڵێکی حەوت ساڵان بەهۆی دەستکاریکردنی چەکەوە خۆی کوشت.

دوێنێ پێنج شەممە کامەران جاسم ئەفسەری بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی کەلار بەخەباتی راگەیاند کاتژمێر 8 و نیوی سەرلەبەیانی لەشارەدێی جەبارەی سەر بە شارۆچکەی کفری منداڵێکی تەمەن 7 ساڵ بەناوی موشتاق عیزەدین بەهۆی دەستکاریکردنی چەکی کلاشیکۆفەوە لەماڵی خۆیاندا فیشەک لەدەستی دەرچووەو بۆتە هۆکاری گیان لەدەستدانی، دواتر بۆتوێکاری پزیشکی تەرمەکەی هێنرایە نەخۆشخانەی کەلار لەلایەن پۆلیسی جەبارەوە کاری لێکۆڵینەوەی بۆتۆمارکراوە.

# ئاگادارییەک لە بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێرەوە

ئاگاداری گشت ئەو خێزانانە دەکەینەوە کە لە چاودێری خێزان سوودمەندن کەوا لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2010/9/6 دەست دەکرێت بە دابەشکردنی موچەی مانگەکانی (حوزەیران – تەمموز – ئاب – ئەیلول)ی ساڵی 2010 لە رێگای بانکەکانەوە لەگەڵ رێزماندا.

# خولی دووەمی برینپێچی لە فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی کۆتایی هات



بە ئامادە بوونی هەریەک لە عەمید بەهجەت تەیمز و عەمید مەلا فایەق و عەمید د. ئارام حەوێزی و کاپتن دوتی و چەندین پلەداری ناو فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی خولی دووەمی برینپێچی کۆتایی هات کە بۆ ماوەی چوار رۆژ بەردەوام بوو تێیدا 24 پێشمەرگەی زێرەڤانی بەشدار بوون.

دوێنێ لە هۆڵی پێشمەرگەی زێرەڤانی کۆتایی بە خولی دووەمی برینپێچی هات، کاپتن دۆتی لە وتەیەکدا تیشکی خستە سەر تەواوی خولەکە و سوپاسی بەشداربوونی کرد بۆ بە گرنگ وەرگرتنی ئەم خولە و وەرگرتنی زانیارییەکانیانن دواتر هەر لە درێژەی وتەیەکدا بەناوی مقەدەم فوتس بەرپرسی گروپەکەیان و بەڕێوەبەری خولی ناوبراوەوە.

پاشان وتاری فەرماندەیی لەلایەن عەمید د. ئازاد حەوێزیەوە خوێنرایەوە و تێیدا سوپاسی فەرماندە و سەرپەرشتیاری خول و مامۆستاکانی کرد، رایگەیاند کە خولەکە جێی گرنگی بووە و هیوای بەردەوامی ئەو جۆرە خولانەی خواست.

